

# چەند زانیارییەکی گرنگ دەربارەی سوود و جیاوازییە گرنگەکانی بۆری پۆلی ئەثیلین

ئامادەکردنی : سەرۆك ئەندازیارانی
پێشکەوتوو/ سالار محی الدین صالّح

# بۆری پۆلی ئەثیلین

# POLYETHYLENE PIPES

ئاو سەرچاوەیەکی گرنگی ژیانە بۆ ئادە میزاد و گیا نلەبەرو روەك وگشت بونەوەرەکانی تری دەریایی وئاوی , دروست بوو نی ژیانی گشت بونەوەریك بەهوی بوونی ئاوەوە درووست بووە , هەروەها مرۆڤ لە دروست بونیەوە و هاتنە ناو دنیای ژیانەوە بیری لە بەکارهێنانی ئاو کردۆتەوە بۆ ژیان و کشتوکاڵ و ئامادەکردنی گشت پێویستییەکانی ژیان.

کەواتە با بزانین ئاو چۆن گواستراوەتەوە و وردە وردە بیر لە ئەمبار کردنی ( خزن ) کراوەتەوە بە هۆی وردە وردە فراوان بونی دانیشتوانی زەوی وە پێویستی ژیان لە جیهاندا گواستنەوەی ئاو سەرەتا بە هۆی کارێز و جۆگە دروستکردنەوە بووە لە پاشاندا بیریان لە گواستنەوەی کردۆتەوە بەشێوەیەکی تەندروستییانە بە هۆی کرۆکی داری گەورەوە کە ناوەکەیان هەڵکۆڵیوە وە لە دوای ئەمە بە هۆی جۆگەوە کە لە قسڵ و بەرد دروستکراوە.

له‌ پاشدا گۆڕا بۆ بۆری ئه‌زبێست AZ BEST PIPE وه‌ له‌ پاشدا گۆڕا بۆ بۆری کۆنکرێتی CONCRETE PIPE وه‌ له‌ پاشدا گۆڕا بۆ بۆری پلاستیکی PVC PIPEوه‌ له‌ پاشدا گۆڕا بۆ بۆری ئاسن STEEL PIPE له‌ پاشدا گۆڕا بۆ بۆری گه‌ڵڤه‌نایز GALVANIZED PIPE وه‌ له‌ پاشدا گۆڕا بۆ بۆری دەکتایاڵ DUCTILE PIPE وه‌ له‌ پاشدا باشترین بۆری که‌ دۆزرایه‌وه‌ بۆری ( پۆلی ئه‌ثیلین ) ه‌ هه‌روه‌ها بۆ جۆرێکی تری گواستنه‌وه‌ی هێڵی گه‌وره‌ بۆری فاییه‌ر گلاس FIBER GLASSدۆزرایه‌وه‌ بۆ خه‌تی گواستنه‌وه‌ی به‌ینی شاره‌کان هه‌روه‌ها بۆری پچوکی مالآنیش که‌ پێی ده‌ڵێن بۆری پلاستیکی له‌جۆری پۆلی پرۆبلینPPR 80 به‌لآم باشی بۆری پۆلی ئه‌ثیلین و سوده‌کانی و هه‌رزانی و که‌م تێچونی ده‌ورێکی کاریگه‌ری دیووه‌ له‌ گشت بازاری بازرگانی جیهاندا.

وا له خوارەوە گرنگترین سیفاتە باشەکانی دیاری دەکەین وەك جیاکەرەوەیەك لەگەڵ گشت جۆرە بۆریەکانی تری دروست کراو له جیهاندا :

1- بارکردن و گواستنەوە و داگرتنی ئەم بۆریە ئاسانتر و هەرزانترە جیاواز لە گشت بۆریەکانی تر لە جیهاندا.

2- سەلامەتی کارکردن لەم جۆرە بۆریەدا ئاسانتر و هەرزانترە جیاواز لە گشت بۆریەکانی تر لە جیهاندا.

3- سادەیی ئەم بۆریە لە بەکارهێنان و کەم کردنەوەی ملحقاتی بەستن و ئاسانکاری لە بەستندا , ماوە کەمی لە پڕۆژەی بەستن و ڕاکێشاندا.

4- خێرایی ئاو زیاترە لەم بۆریەدا لە بەر ئەوەی Friction loss کەمترە لەم بۆریەدا.

5- به هیچ شێوەیەك ناوەوە و دەرەوەی ژەنگ و کلس ناکات واتە ئاو بۆگەن ناکات تێیدا.

6- بە هیچ شێوەیەك جرج و حشرات کاریگەریان لەسەر ئەم بۆریانە نیە بۆ کون کردن و میکرۆباویکردنیدا.

7- تەمەنی ئەم بۆریانە لە (50 تا 200) ساڵە.

8- ئەم بۆریانە دەتوانرێ لە ژێر ئاویشدا ڕابکێشرێت و ببەسترێت بە هۆی کەمی کێشیەوە و بە چۆنیەتی بەستنەوەی واتە دەتوانرێ بەبێ ملحقات تا دووری 2 تا 5 کیلۆ مەتر ڕابکێشرێت بە هۆی چوار ملحقەوە.

9- کەمی تێچونی پارە لە کاتی ڕاکێشان و بەستنی ئەم جۆرە بۆریەدا جیاواز لە بۆریەکانی تری جیهان.

10- توانای پەستانی زۆر لەم بۆریانەدا بۆ نزیکەی 40 بار کە ئەمەش بەکارهێنانی ئاسان کردووە بۆ ناوچە شاخاویەکان بۆ بەرزیە زۆرەکان.

11- گونجاندنی ئەم بۆریە بۆ پلە بەرز و نزمەکانی گەرما و سەرما واتە لە پلە بەرزەکاندا دەکشێت وە لە پلە نزماکاندا دەچێتەوە یەك وەك جاران.

12- ئەم بۆریە بۆ گشت گواستنەوەکان بەکاردێت وەکو ئاو , نەوت , گاز , مشتەقاتی نەوت و بەرهەمە کیمیاویەکان بە ڕەچاوکردنی کارلێکە کیمیاوی و فیزیاویەکان.

13- گونجاوە بۆ کارلێکی سروشتی واتە فیزیاوی و کیمیاوی.

14- داپۆشینی ئەم بۆریە شەرت نیە هەر بە لمی وورد بێت بەڵکو بە گڵی پاك و لمی کەسارە واتە ووردکراویش دەبێت.

15- گونجاندنی ئەم بۆریە بە هۆی ئاسانکاری بەستنەوەی بە گشت بۆریەکانی تر وەك دەکتایاڵ و گەڵڤەنایز و ئاسن و پلاستیك و ئەزبێستیش بە هۆی رنگ و فلنجەوە بە کلفەی کەم.

16- ئاسانکاری ڕاکێشانی ئەم بۆریانە بە ژێر بیناو ناو دەکت و ژێر جادە دوور و درێژەکان لە کاتی پەڕینەوەی ئەم بۆریانەدا بە کلفەی کەم و سەلامەتی و مانەوەی تەمەنی ئەم بۆریە بۆ نزیکەی 200 ساڵ.

17- بڵقەکانی ئاو ( فقاعات ) زۆر کەم تێیدا دروست دەبێت بە هۆی سافی ڕووی ناوەوەی بۆ ماوەی دوور و درێژ.

18- هەرزانی نرخەکەیی و هەرزانی ڕاکێشانی ئەم بۆریە کۆنترۆڵی گشت بازاڕەکانی جیهانی کردووە بۆ بەکارهێنان.

19- کەرەستەی سەرەکی ( موادی اولی ) ئەم مادەیە کە ( بروشە ) و مشتقاتی نەوتە زۆر هەرزانترە لە کەرەستەی گشت بۆریەکانی تر.

20- کارگەکانی ئەم بۆریە زۆرترین بەرهەم لە کاتی کەمدا بەرهەم دەهێنێ کە بۆریەکانی تر توانای ئەم خێرایی بەرهەم هێنانەیان نییە.

ئەمەش چەند وێنەیەکە لە جیاکاری ئەم بۆرییانە و بۆریەکانی تر :



ئەمە یەکێکە لە جیاوازیەکان کە ئەم بۆرییانە بۆ ماوەی دوور و درێژ بە ناو ئاودا بە ئاسانی نقڵی ئاو یان گاز یان نەوت دەکەن بەبێ تەنگ و چەڵەمە.



لە  نمونەیی گوێزانەوەی بۆری لەسەر ئەم بارهەڵگرە دەردەکەوێت کە ئەم بۆرییانە □ تا □ هێندی بۆرییەکانی تری جیهانی بار دەکرێت لەسەر ئەم بار هەڵگرانە کە ئەمەش پارەیەکی یەکجار زۆر پاشەکەوت دەکات.



تێچون و ئاسانکارییەکی کەم لە ڕەبت کردنی تیرە گەورەکاندا .




بەکارهێنانی لە ئاوەڕۆدا بۆتە دەنگ دانەوەیەك لە بازاڕی جیهاندا کە جگە لەم بۆرییە هیچ بۆرییەکی تر زۆر پەسەند ناکرێت لە ڕێگای هەرزانی تێچوونەوە.



بە کارهێنانەکانی لە کشتوکاڵ و ئاودێری و بەستنەوەی سلکە
کارەباییەکان و بەکارهێنانی لە کەرەستەکانی گەیاندنی کارەبا و
کەلوپەلی ناو ئۆتۆمبێلدا بێوێنەیە لە هەرزانی و دڵنیایی .

## ئەمەش چەند ڕوونکردنەوەیەکە لەسەر ئەم بۆریە :

ئەم بۆرییە بەهۆی ئامێرەوە بە دوو جۆر دەبەسترێتەوە واتە ( ربط ) دەکرێت بە یەکەوە:

- ڕێگای ( BUTT-FUSION )لە ڕێگەی ئامێرێکەوە هەردوو جەمسەری بۆریەکە بە ڕێگای گەرم کردن خاو دەکرێتەوە وە جەمسەرەکانی شل دەبنەوە لە ڕێگای ئامێرێکەوە ضغط لە هەردوو جەمسەرەکە دەکرێت بۆ بەستن بە یەکەوە.



– ڕێگای (ELECTRO-FUSION ) لە ڕێگەی ئامێرێکی تایبەتی لەم بەستنەدا جەمسەری بۆرییەکان سیستمی کارەبایی تێدایە کە جەمسەری سارد و گەرمن وە بە ڕێگای کارەبایی ربط دەکرێن , بەڵام ئەم جۆرە بەستن و موادە سێ هێندەی ربطی یەکەمی تێدەچێت بەڵام بۆ پەستانە بەرزەکان ئەم جۆرە بەستنە گرنگە.
ئەمەش وێنەکەیەتی:



ج- ئەم بۆریە لە بواری ئاوەڕۆشدا بەکاردێت بە تیرەی جیاواز ئەم جۆرە دوو بەرگی هەیە و بە ئەڵقەی کانزایی دەورە دراوە بەڵام ئەم جۆرە لە پۆلی ئەثیلین کە ڕووکاری دەرەوەیە وە ناوەوەی پۆلی پرۆبلینە وە بە تیرەی ( □□□ملم تا □□□□ملم ) بەرهەم دەهێنرێ لە جیهاندا.



د- بۆری پۆلی ئەثیلین کە یەك بەرگی هەیە لە جۆری کرۆگین بەرهەم دەهێنرێ بە بەکارهێنانی باشترین موادی خامی (PP ,PE)تیرەکەی لە نێوان ( [illegible] بۆ [illegible] ) ملم دەبێت , ئەم بۆریە لە بواری پەیوەندی وایەری و دروستکردنی کەرەسەی ئۆتۆمبێل و پیشەسازی کارەباییدا بەکاردێت.



٥- ملحقاتی هەیە بە گشت جۆرەکانیەوە.

